## محەمەد عەلی سوڵتان :

# زۆرێک لە ئایینەکانی ناوچەکە سودیان لە کەلتوور و فەرهەنگی ئاینە کوردییەکان وەرگرتووە



✿ محەمەد عەلی سوڵتان ناوێکی دیاری بزاڤی رۆشنبیری کوردییە و کەسێکی پسپۆڕ و بە ئاگایە لە مەسەلەکانی فەرهەنگ و ئایینی کۆنی کورداندا و خاوەنی چەندین کتێبی دانسقەیە لە وانەش «مێژووی کرماشان» «قیام ونهضت علویان زاگروس» و « دیوانی سەید یاقۆی مایدەشتی» و چەندین کتێبی ترە.
سوڵتانی لە دایک بووی شاری کرماشانە و ئێستا مامۆستای ئەدەبی کۆن و ئاینە کۆنەکانی کوردە لە زانکۆی تاران.
لەبواری خزمەتکردن بە فەرهەنگ و رۆشنبیری و کەلتووری کوردیدا چەندین هەنگاوی جدی ناوە و بەردەوام لەم بوارەدا کاردەکات:
لەسەردانێکدا بۆ پایتەختی کوردستان ئەم دیمانەیەمان لەگەڵیدا سازدا بۆ ئەوەی بەڕێزیان تیشک بخاتە سەر هەندێک لایەنی بوارەکەی خۆی.

دیمانە/ نامق هەورامی
namqhawramy@hotmail.com

**★ لە ڕوی مێژوییەوە ریشەی ئاینە کۆنەکانی کورد بۆ کەی دەگێڕیتەوە؟**

– دیارە وەک هەموو لایەک دەزانین سەر زەمینی کوردستان کەوتۆتە نێوان چیاکانەوە بۆیە مەڵبەندێکی گرنگی پەیدابوون و گەشەسەندنی بیروباوەرە کۆنەکانە.

ئەگەر تەماشایەکی ئایین بکەین لە ڕوی زانستییەوە دەبینن دوو جۆرە ئاین هەیە کە بریتین لە.

١– ئاینە خەتییەکان / واتە ئەو ئاینانەی بەشێوەی کتێب هەن وەک ئینجیل و تەورات و زەبور و قورئان و هتد..

٢– ئاینە دەورییەکان/ ئەو ئاینانەن زادەی زەمەنێکن نەک پرانسیپێکی نەگۆر و ئەم جۆرە ئاینانە لە نێو کۆمەڵگەی کوردیدا بەرجەستە بوون و ئەم جۆرە ئاینانە وەک « بود، کۆنفشیۆس، ئاینەکانی هیند» کە ئەم ئاینانە بڕوایان بە دوونای دوو هەیە و مێژووی ئەم ئاینانە کۆنترین مێژوویان هەیە کە لەگەڵ دروستبوونی کۆمەڵگەی مرۆییەوە پەیدابوون.

میهر پەرستی و میترایی و زوروانی کاریگەرییان لەسەر ئاینی زەردەشتی هەبووە و زەردەشتییەتیش کاریگەریی لەسەر مەزدەکی و مانەوی هەبووە بە دیوێکی تردا دەکرێت بگوترێت ئەو رێو رەسمە ئاینیانەی لە چین و هیند هەن دەتوانی ئەسڵەکەی لە کوردستاندا بدۆزرێتەوە.

**★ تێکستی هەندێک لە ئایینە کۆنەکانی کورد لە شێوەی شیعر و پەخشاندا نوسراون ئەمە بۆ چی دەگێرنەوە؟**

– دەبێت ئەوە بزانین کە لە هەر جێگایەک شیعر هەبێت مۆسیقاش هەیە واتە دوو شتی هاو ئاهەنگن، یان دەکرێت بڵێین شیعر بەشێکە لە مۆسیقا، هەر بۆیە ئاینە کوردییەکان لەگەڵ ئەم دوو توخمە سەرەکییەدا هاوشان و تەواو کەری یەکدی بوون.

ئەگەر تەماشا بکەیت ئێمە دوو جۆر هونەرمان هەیە .

– هونەری شوێنی یان مەکانی وەک هونەرەکانی پەیکەرتاشی و خۆش نووسی و شێوەکاری.

– هونەری کاتی یان زەمانی وەک مۆسیقا:

بەنموونە هونەری پەیکەرتاشی کە هونەرێکی شوێنییە کە بۆ جارێک دروستکراو دانرا ئیدی بەردەوامی هەیە هەرچی هونەری کاتی یان

زەمـانی ئەو هونەرەیە کـە لە قـۆناغـێک لە قۆناغەکاندا گەشە دەکات و دواتر ئەو گەشەیەی لاوازە دەبێت.

هونەری زەمانی لەگەڵ ئاینی کۆنی کوردیدا وەک گۆشت وخوێن و لە جێگەیەک ئاینێکی کوردی سەری هەڵنەداوە شیعر و مۆسیقا هاوبەش و بەشێکی کاریگەری نەبوبێت.

**★ هەمیشە سروشتی ئاین وایە لەسەرەوە دێتە خوارەوە بەڵام لە ئاینە کۆنەکانی کوردیدا ئاین زادەی خەیاڵی مرۆڤە لەوەش گرنگتر لە ئاینی ئەهلی هەقدا لە نوسینەوەی کتێبەکانی ئەو ئاینەدا کۆمەڵێکی زۆر ژنی شاعیر و رۆشنبیر بەرچاو دەکەون، دەبێت ئەم ئامادەگیە زادەی چ تێروانین و دابونەریتێک بێت؟**

– لە ئاینە کۆنەکانی کوردا ئافرەت جێگای شیاوی هەیە و بەرێزەوە تەماشاکراوە. دەبێت بگەرێینەوە بۆ ئەو هۆکارانەی وایانکردووە ئەم بیرکردنەوەیە هەبێت ئەگەر هەندێ لە ئاینە ختیەکاندا مەسەلەکان تەنیا لە پیاواندا بەرجەستە بووبن و ئیتر ژن بە کاڵفام و کەم توانا تەماشا کرابێت ئەوا لە ئاینە کۆنەکانی کوردیدا یەکێک لە چوار پایەکان ژن بووە کە پایەکانیش بریتین لە « نەزر،نیاز، دوعا، ئیقدام» جگە لەوەی لە «جەم» دا کە مەراسیمی ئاینی ئەهلی هەقە ژن جگە لەوەی هەڵسوراوی ناو جەمخانەیە نەزر دەبەخشێتەوە ونەزر ئامادە دەکات، واتە لایەنی فیزیکی لە ئاینە کۆنەکانی کوردا نەبووەتە پێوانەی مامەڵەکردن لەگەڵ ژندا.

**★ بۆچی ئەو تێکستانەی نێو ئاینە کۆنەکان بە نمونە « سەرەنجام» کتێبی پیرۆزی ئەهلی هەق تەواوی ئەو کتێبە بە شیعر و پەخشان نوسراوە بەڵام وەک کەرەستەیەکی ئەدەبی مامەڵەیان لەگەڵ نەکراوە؟**

– بەداخەوە ئەوە نوقسانییەکی گەورەیە ئەگەر تەماشابکەین ئاوێستا و سەرەنجام و جلیوە پرن و متونی ئەدەبی بەڵام تا ئەمرۆ وەک کارێکی ئەکادیمی بەسەر نەکراونەتەوە نەک ئەو تا ئێستا لێکۆڵینەوەیەکی نەکراوە زانستی لەسەر سوود وەرگرتنی ئاینەکانی تری ناوچەکە لە ئاینەکانی کورد، رۆژ هەڵاتناسەکانیش کەوتوونەتە هەڵەوە لەم بارەیەوە بەتایبەتی مینۆرسکی.

ئەم تێکستانە تا ئێستا وەک لایەنی بیرو بروای ئاینییەوە تەماشاکراون بەڵام دەکرێت وەک لایەنی رۆشنبیریش مامەڵەیان لەگەڵدا بکەین.

**★ باری ئەمرۆی رۆشنبیری کوردی چۆن دەبینن؟**

– کورد وەک و جودێکی مێژوویی و خاوەن پانتاییەکی جوگرافی و ئەدەب و فەرهەنگی دەوڵەمەند و لای تەواوی دونیا ناسراوە، بەڵام بەداخەوە ئێمە لە جیاتی ئەوەی کاری رۆشنبیری بکەین سەرقاڵی رۆشنبیرین کاری فەرهەنگی و فیعلی فەرهەنگی کردن یەک شتە و سەرقاڵی فەرهەنگی و پروپاگەندەی فەرهەنگی شتێکی دیکەیە ئێمە ئەگەر ئەو




سەرچاوە دەوڵەمەندەی مێژوو رۆشنبیری و کەلتوورییەی خۆمان بە دنیا بناسێنین بەو بەرنامەیەی ئەمرۆ بەرێوە ناچێت.

دەبێت بەشێوازێکی بەرنامەرێژی و ئەکادیمی کاری لەسەر بکەین، ئێمە بوینەتە ئەو دەوڵەمەندەی خاوەن هەزاران لیرەی ئاڵتۆنییە بەڵام لە بیاباندا لەبرسان خەریکە دەمرێت، بۆیە دەبێت تووشی ئەو حاڵەتە نەبین و سەرمایەی ئەدەبی خۆمان بگەیەنینە تەواوی گەلانی دنیا.

داخێکی ترمان ئەوەیە ئێمە بەبێ ئەوەی فەرهەنگ و کەلتووری خۆمان بناسین، هاتووین لە نێو کەلتوورێکدا کار دەکەین کەلانی کەمی حاڵی نەبووین.

ئێمە ئەمرۆ وەک ئەرکێکی نەتەوەیی و دوور لە گشت تێروانینێکی سیاسی پێویستمان بە ناوەندێکی کەلتووری هەیە بۆ ئەوەی تەواوی دەستنووسە کۆنەکان و لایەنە رۆشنبیری و فەرهەنگی و مێژووییەکانە لە تەواوی کوردستاندا کۆبکرێتەوە وشارەزایان کاریان لەسەر بکەن و دواتر بڵاوبکرێنەوە، رەنگە بگوترێت زۆرێک لەو دەستنووسە کۆنانە لە مۆزەخانەکانی جیهاندان و کوردەکانی دەرەوە خەمساردن لەو بوارەدا بەڵام ئەگەر دەزگایەک نەبێت بۆ کۆکردنەوە و کارکردن لەسەر ئەوانە بە تەنیا کەسێک دەتوانێت چی بکات؟

لە کوردستانی باشووردا دەزگای فەرهەنگی زۆرن بەڵام پلانی کارکردن لێرە لە نێو ئەو دەزگایانەدا نییە، دەبێت ئەو دەزگایانە ئەمرۆ کاربکەن بەو ئاراستەیەدا ئایا کۆمەڵگەی کوردی خاوەنی چ سەرچاوەیەکی فەرهەنگییەو لەم قۆناغەدا کۆمەڵگە چی پێویستە واتە دەبێت هەردوو کارەکە بکات، گرنگ نییە چەند بڵاوکراوە و کتێب دەردەچن گرنگی لەوەدایە چی دەردەچێت.

**★ وێرای کتێبە بەنرخەکانی بەرێزتان وەک « مێژووی کرماشان» و « قیام نهضت علویان زاگروس» ئێوە دیوانی « سەید یاقوی مایدەشتی»تان کۆکردۆتەوە، سەید یاقۆ لای تۆ کێیە؟**

– مامۆستا عەلادین سجادی بە کەڵەشاعیر ناوی سەید یاقۆی بردوە، ئەو شاعیرێکە کە زۆربەی زاراوەکانی وەک کەڵهوڕی و کرمانجی و هەورامی گۆرانی بەکار هێناوە، ئەمرۆ لە لورستان و کرماشان و شارەزور و هەوراماندا خەڵکی لە شیعری ئەو کەڵە شاعیرە دەگەن و ئەو هەنگاوی گەورەی بۆ زمانی ستانداردی کوردی ناوە.

ئەمە سەرباری ئەوەی مۆسیقا زان و مۆسیقا ناسێکی باش و مەقام زان و مەقام ناسێکی گەورەش بووە و دەکرێت لە ریزی نالی و مەحویدا ناوی بهێنن.

**★ جوگرافیای قەڵەمرەوی ئەدەب و فەرهەنگ و نووسینی گۆرانەکان بەرفراونە، بەڵام بەپێچەوانەوە جوگرافیای سروشتی گۆرانەکان بچر بچرە ئێوە ئەم پەرش و بڵاوییە چۆن دەبینن؟**

– لە سەدەی هەشتەمەوە کە ئایینی ئەهلی هەق سەرتاسەری کوردستانی گرتووەتەوە تا ئە رادەیەی ئەم ئاینە گەشتۆتە تورکیا و ئەلبانیا و نزیک خۆراسان و زمانی گۆرانی کە ئێستا لە زمانی هەورامیدا بەرجەستە بووە زمانی ئاین و دابونەریت و زمانی رەسمی ئەو ئاینە بووە لە هەر جێگایەک ئەهلی هەقێک هەبێت لەوێ زمانی هەورامی هەیە، لە لورستان و خۆراسان و هەمەدان و لە ئەلبانیا و تورکیا هەیە و پەیرەوانی ئەو ئاینە پێی دەئاخفن.

وەک چۆن لەگەڵ ئیسلامدا بۆ هەر لایەک کشابێت زمانی عەرەبی هاوشانی بووە و هەورامیش بە هەمان شێوەیە.■